www.kurdistannet.org

15-12-2006 17:57 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن، خەڵکی کوردستان باجی بۆ دەوڵەتی دەدەن! ... ئازاد ئەحمد

راپۆرتەکەی بیکەر – هاملتۆن بە تەواوی سایەی کردووە بە سەر فەزای سیاسی کوردستانەوە و بۆ جارێکی تر گشت مەسەلەکان و لە هەمووی گرنگتر چارەنووسی سیاسی کوردستان بووەتەوە بە سەر باسی قسەو باسی خەڵك و راگەیاندن و گشت ناوەندەکان.

ئەوەی کە زۆر جیگای قسەیە بریتیە لەوەی کە بۆچی پاش ئەو هەموو پێش لەشکری و هاوکاری و هەماهەنگیەی کە یەکێتی و پارتی و گشت حیزبە قەومی یەکان لە کوردستان بۆ سوپای ئەمریکی و بۆ ئەمریکا وهاوپەیمانەکانیان کرد و هەرچی کە لە زمانی بەرپرسە وورد و درشتەکانی ئەمریکا هێشتا نەهاتبووە دەرەوە، لە لایەن سەرانی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی ترەوە ئەشهەدو بیللایەکی پێشوەختی بۆ کێشرا بوو وە بە هەر 10 پەنجە مۆر کرابوو، کەچی ئەمرۆ پشت لە "کورد " دەکرێو هیچ حسابێك بۆ ئەم هەموو هاوکاریەی" کورد "بۆ ئەمریکا نەکرا؟؟!!

هەموو لە بیرمانە کە لە سەرەتای رووداوەکانەوە و کاتی کە هێشتا شەڕی ئەمریکا لە عێراق رووی نەدا بوو، چۆن یەکێتی و پارتی و رۆشنبیر و دەزگا راگەیاندنەکانیان، کەوتبوونە پیاهەڵدان بە شان و باڵی ئەمریکا و ئەم فورسەتەیان بە فورسەتێکی " ئەڵماسی " لە قەڵەم ئەدا و چارەنووسی خەڵکی کوردستان و ژیان و گیانی ملیۆنەها کەس لە خەڵکی کوردستان و عێراقیان لە سەر سینیەك پێشکەش بە سوپای ئەمریکی کرد و ئەو خۆپیشان دانە گەورە و ملیۆنیانەی کە لە دنیادا دژی شەڕ لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازەوە بەرپا کران، بە بی عەقڵ لە قەڵەم ئەدان.

هەموو لە بیرمانەکە چۆن دوای شەڕەکەش بە هەر 20 پەنجە مۆری تەئییدیان لە هەر نەخشە و سیاسەتێکی ئەمریکا و سوپا سەرکوتگەرەکەی دەدا وچۆن نەخشەی دابەش کردنی دەسەڵات و خەڵك و عێراقیان لە سەر ئەساسی تائیفی و قەومی ودینی و خێڵەکی تەئییدکردوئاکامەکەشی بریتیە لە حەمامی خوێنێك کە تاکو ئێستا بە پێی ئاماری لە بەر دەست زیاتر لە 650000 کەس بوونەتە قوربانی وسەدان هەزاری تریش ئاوارە بوون و... تاد. هەموو ئەم شتانەشیان لە بەرژەوەندی خەلکی عیراق و کوردستان حیساب ئەکرد ولە سەر ئەرزی واقیعیش بیجگە لەم ئامارانەی سەرەوە، خەلکی کوردستان خەون ئەبینن بە لیترێك نەوت و سەعاتێك کارەبا و مەترێك رێگا و بانی باش، چ جای چارەنووسیکی رۆشن.

تەبلیغاتی رابردووی یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی تر بە شێوەیەك بوو کە کوردستان و عێراق لە سەر دەستی ئەمریکا ئەبێتە (وولاتی ئازادی و دیموکراتی و بی وینە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا وهەموو ئاواتە لە مێژینەکانمان دێنە دی، بەلام دیاری دەستی ئەمریکا بریتی بوو لە ریزی سەدان هەزار کەس لە کوژراوانی خەلکی مەدەنی لە مناڵ و پیر و ژن وپیاوی ئەم وولاتە و سەربرین و سووتاندنی ئینسان لە سەر ئەساسی ناو و تیرە و تایەفە و بە هیز بوون و مەیدان دار بوونی ئیسلامی سیاسی ودەسەلات پەیدا کردنی دەستە و تاقمە ئیسلامی و ئیرهابی و ئینسان خۆرەکان.

ئەمرۆ ئیتر بۆ هەموو کەس رۆشنە کە ئەمریکا لە عێراق لە گەڵ شکست و ناکامی بەرەو روو بووە و دوای نزیکەی 4 ساڵ نەك هەر نەیتوانی کە ئامانجەکانی خۆی بهێنێتە دی، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو شەڕ و داگیرکاریەی کە لە عیراق بەرپای کرد بە شکستی خوی تەواو بوو، شەڕێك نەك تەنها نەیتوانی ئامانجە راگەیەنراوەکانی بپێکێت لە جەنگی دژ بە تیرۆر، بەلکو تیرۆر و تیرۆریزمی چەند قات لە عێراق و ناوچەکەدا بەهێزتر کرد. هەر لێرەشەوەیە هەموو ئەو هێزانەی وەکو ناسیونالیزمی کورد کە هیوای خۆیان بەستبوو بە ئەمریکا و سیاسەتەکانی لە عیراقدا، لە گەڵ شکست و ناکامی و بی ئاسۆییەکی گەورە بەرەو روو بوونەتەوە.

كۆبوونەوەكانی جۆرج بۆش لە ئەردەن و لە كۆشكی سپی لە گەل سەرانی لایەنە سیاسیەكان بیجگە لە "كورد".
وە هەروەها چاوپیكەوتنی مەلیكی ئەردەن لە گەل هەموو لایەنە سیاسیەكان ودیسان بیجگە لە "كورد"، كە ئەم سەردان و كۆبوونەوانەی جۆرج بووش ومەلیكی ئەردەن هەوڵیكە بۆ دارِشتنەوەی سیاسە ت و ستراتیجی ئەمریكا لە عیراق و بەم شیوەیەش رزگار كردنی ئەمریكا لەو گیژاوەی كە تێیكەوتووە.
لە راپۆرتەكەی {بیكەر – هاملتۆن }یشدا ئەوەی كە باسی نەكراوە و بە لایدا نەچوون هەموو ئەو بە حیساب دەسكەوتە مەزنانەی كە یەكێتی و پارتی و باقی حیزبە قەومیەكانی كوردستان، شەو و رۆژ دەهۆڵیان بۆ ئەكوتا، بەڵكو بە پێچەوانەی ئەمەوە هەر لە مەسەلەی فیدراڵیەوە بیگرە تا داهاتی عێراق تا دەرهێنانی نەوت تا مەسەلەی كركوك و ماددەی 140 و تا حكومەتی هەرێم و تا هەموو شتێك لە گەل سفر زەرب كراون و لەمەش واوەتر مافی خەڵكی كوردستان لە دیاری كردنی چارەنووسی خۆی و پێك هێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆ، بە كەلیمەیەكیش باسی نەكراوە. هەر ئەمەشە وای كردووە كە ئەمرۆ حیزبە كوردیەكان و تیكرای بزووتنەوەی كوردایەتی لە عێراق و ئێران لە گەڵ بی ئاسۆیی و ناكامیەكی گەورە بەرەو روو بوون.
ئەمرۆ خەڵكی كوردستان حەقیانە و دەبی بە جددی لە سەرانی یەكێتی و پارتی و حیزبەكانی تر بپرسن كوان ئەو ئەو هەموو وەعد و بەڵێنانەی "دۆستە ئەمریكیەكانمان "و كوا "هەلە ئەلماسیەكە" و كوا و كوا و كوا... تاد؟.
ئەمریكایەك كە تاكە وولاتە چەكی ئەتۆمی بەكار هێناوەو 140000 كەسی لە لەحزەیەكدا سووتاند، لە دنیادا وولات نەماوە كە شەری پی نەفرۆشتبی و هیچ كون و كەلەبەرێكی ئەم دنیایە نەماوە كە ئەمریكا بە دەیان وسەدان هەزار كەسی خەڵتانی خوێن نەكردبی، ئایا بەراستی هی ئەوەیە كە پشتی پی ببەستری و هاتنەدی هیوا و ئاواتەكان لە سەركەوتنی سیاسەتەكانی ئەمریكادا ببینرێتەوە؟!
ئەمرۆ هەمووومان بە چاوی خۆمان ئەیبینین كە چۆن ئەمریكا وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی، سەری هەموو خەونەكانی خەلكی كوردستان ئەبریت و هیچ حەقێك بۆ خەڵكی كوردستان بە رەسمی ناناسێت.
هەر بۆیە بە بروای من تاكە ریگا چارە لە بەردەم خەڵكدا بەری خستنی بزووتنەوەیەكی جەماوەری بەرفراوانە لە دەرەوەو ناوەوەی كوردستان لە پیَناو جیاكردنەوەی كوردستان و پێك هێنانی دەوڵەتێكی غەیرە قەومی و غەیرە دینی.
ئایا هۆی چیە كە كوردستان و خەڵكەكەی هەمیشە لە حساباتی وولاتانی زل هێز و ئیقلیمی و بەند و بەستەكانیاندا هیچ حسابێكیان بۆ ناكرێت!
وەلامی من بەم پرسیارە ئەوەیە كە لە بەر ئەوەی كوردستان دەوڵەت نیە و بە زۆریش لكێنراوە بە دەوڵەتێكەوە كە هەمیشە ئەو دەوڵەتە لە لایەكەوە سەركوت گەر و دژ بە مافەكانی خەلكی كوردستان بووەو لە لایەكی تریشەوە لە حساباتی سیاسی نێو دەوڵەتی و ئیقلیمیدا ریزی پێشەوە ئەگرێت. بە مانایەكی تر ئەتوانم ئەوە بڵێم كە خەڵكی كوردستان باجی بی دەوڵەتی ئەدەن و نەبوونی دەوڵەتێكی سەربەخۆ لە كوردستان وای كردووە كە ئەم هەموو نەهامەتیانە بە سەر سەری خەڵكی كوردستاندا بیت.
ئیستاش زەروورەتی پێك هێنانی دەوڵەتێكی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە هەموو كات زیاتر پێویستی پەیدا كردووە و دەركەوتووە كە پێكهێنانی ئەم دەوڵەتە بە یەكجاری كێشە لە مێژینەو خوێناویەكانی خەڵكی كوردستان لە نادیاری چارەنووسی سیاسی، كۆتایی پی ئەهێنی.
ئەگەر سەیری مێژووی 50 سالی رابردووی كوردستان بكەین، ئەبینین كە بە سەدان هەزار كەس لە خەڵكی كوردستان بوونەتە قوربانی و چەندین و چەندین مەئساتی لە بابەتی ئەنفال و كیمیا بارانی

هەڵەبجە بە سەر خەلکی کوردستان دا هاتووە. بەلام لە بەر ئەوەی کە حزبە قەومیەکانی کوردستان، سواری شەپۆلی نارەزایەتی خەڵك بوون و نارەزایەتی و هێزی خەڵکیان بە لاریدا بردووە و بەو شیوەیە ئاراستەیان کردووە کە خۆیان و بەرژەوەندیان، پێویستی کردووە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە تەوەهومی خەڵك و لە مەیداندا نەبوونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە هێز بۆ جیا کردنەوەی کوردستان و پێك هێنانی دەوڵەتیکی غەیرە قەومی و غەیرەدینی کە بتوانێت وەڵام بە کێشەی هەڵواسراوی سیاسی کوردستان بداتەوە، وای کردووە تاکو ئێستا مەسەلەی چارەنووسی سیاسی کوردستان بە نارۆشنی و تاریکی بمێنێتەوە.

بە بروای من ئەمرۆ، رۆژی دەرس وەرگرتن و خۆجیاکردنەوەیە لە زۆر شت و لەوانەش لە بزووتنەوەی قەومی و ئەفسانەکانی و بە هەمان شێوەش خۆجیاکردنەوە و چیتر هەڵنەواسینی چارۆکەی ئومید بە دەوڵەتانی ئیقلیمی و ئەمریکا و بەریتانیا و کی و کێیە!.

جیاکردنەوەی کوردستان و پێك هێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لە رێگەی ریفراندۆمێکەوە، تاکە رێگایە بۆ دەرباز بوون لەم سەرگەردانیەی کەتێیکەووتوین و گشت نەهامەتیەکانی تا ئیستامان.

ئەوەی تا ئێستا بە سەر خەڵکی کوردستان هاتووە هەمووی باجی نەبوونی دەوڵەتیکی سەربەخۆیە و هەر بۆیەشە هەمیشە زەرەر مەند دێینە دەرەوە، با بۆ یەك جار ئەم رێگایە بگرینە بەر و کۆتایی بە نەهامەتیەکانمان بهێنین.

ئازاد ئەحمد

2006-12-14

Azadahmed71@yahoo. com